



ڕۆب سیوێڵ
وەرگێڕانی: هێمن خالید

# سەرچاوە و ڕیشەکانی بوونی جۆریمان

دوایین کەشف و دۆزینەوەی کەللەسەرێکی بەبەردبووی تەمەن (زیاد لە سێ ملیۆن ساڵ) لە وڵاتی کینیا، جارێکی تر پرۆسەی پەرەسەندن و ئیڤۆلیوشنی ئاڵۆزی ئینسان نیشان دەدات. ئەم وتارەی خوارەوە لە بەڵگە و نیشانەکە ورد دەبێتەوە و سەیردەکات تا چەند لەگەڵ ئایدیای ڕیشە و بنەچەی مرۆڤ دێتەوە کە زیاد لە سەد ساڵ بەر لەئێستا لەلایەن ئەنگلسەوە فۆرمولە کراوە.

«شکۆ و گەورەییەک لەو دیمەنەی ژیاندا هەیە کە بە چەندین توانا و هێزیەوە هەر لە یەکەم دەرکەوتەیەوە درێژ دەبێتەوە بۆ ناو چەند فۆرمێکی کەم یاخود تاقە فۆرمێکەوە. لەو کاتەوەی ئەم هەسارەیە بەپێی یاسایەکی جێگیر و چەسپاوی کێشکردن لە خولانەوەدایە، لە دەستپێکێکی زۆر سادەی بێ کۆتاییەوە، جوانترین و عەجیبترین فۆرم و پێکهاتەکان لە گەشەکردن و بەرەوپێشچووندا بوون و هەن» (بنەچەی جۆرەکان: داروین).

دوایین دۆزینەوە پالیۆنتۆلۆجییەکان (زانستی شیکردنەوەی بەبەردبووەکان)، دووبارە جارێکی تر دەوڵەمەندی و ئاڵۆزیی پرۆسەی ئیڤۆلیوشن لە بوونی جۆریی ئینساندا ئاشکرا دەکەن. لە مانگی ئازاردا، گۆڤاری (nature) ڕاپۆرتێکی بڵاوکردۆتەوە سەبارەت بە دۆزینەوەی بەبەردوویەکی تازە لە وڵاتی کینیا، کە بریتیە لە کەللەسەرێکی تەمەن (سێ ملیۆن و نیو ساڵ). سەرەتا بۆچوونێک هەبوو، لینکی مرۆڤی دەگەڕاندەوە بۆ ڕەگەزێکی پێشینە بەناوی ئۆسترالۆپیسیسنێس (Australopithecines)، کە جۆرێک مرۆڤی زۆر سەرەتایی بوون و نزیکەی (4-1 ملیۆن) ساڵ بەر لە ئێستا لە باشووری خۆرهەڵاتی ئەفریقیا دەرکەوتوون و گەشەیان کرووە، مێشکیان بچووک بووە و لەسەر دوو پێ ڕۆیشتوون و توانیویانە قیت و قنج بوەستن. ئەم جۆرە بەشدارییەکی گرنگ و کاریگەری هەبووە لە پرۆسەی ئیڤۆلیوشندا و مانەوە پەیدابوونی جۆری هۆمۆ، بەڵام لە دواییدا، نزیکەی دوو ملیۆن ساڵ لەمەوبەر بە تەواوی لەناوچوون). ئەیپی باشووری کە زیاتر بە لوسی (Lucy) ناوبانگی دەرکردووە، ئەویش لەلایەن (دی. سی. جحهانسن)ەوە دۆزرایەوە. ئەم مرۆڤە پێشین و سەرەتاییانەی سێ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر، لە دەشتایی و دۆڵەکانی ئەفریقیا هاتوون و چوون، زیاتر لە مرۆڤی ئێستا نزیکترن نەک لە ئەیپەکان (Apes). ئەگەرچی بەڵگە تازەکە ئاماژە بەوە دەکات هەر تەنها خێزان و بنەچەی ئۆسترالۆپیسیسنێس تاقە بوونی جۆری مرۆیی نەبوون لەو سەردەمەدا. گۆڤاری (Nature) جۆرە نوێیەکە (Kenanthropus platyops) وەها دەناسێنێت کە ڕووخسار و دەموچاوی تەختترە لە چاو هەر ئۆسترالۆپیسینێسێکدا. (میڤ لیکی) لە مۆزەخانەی نیشتمانیی کینیا ئاماژەی بەوە داوە کە «(کینیانسرۆپیس) بە شێوەیەکی قەناعەتپێهێنەرانە نیشانی دەدات کە بە لایەنی کەمەوە لە سێ ملیۆن ساڵ و نیو لەمەوبەر دوو نەسل و پێشینەی ئینسان بوونیان هەبووە». ئەمە ڕوون و ئاشکرایە کە درەختی پەرەسەندن و ئیڤۆلیوشن زۆر چڕ

و فرەلقتره بەراورد بە یەکەم دەرکەوتنی. لە کاتێکدا بنەچەی مرۆڤ نزیکەی (5-10 ملیۆن ساڵ) لەمەوبەر لەو ئەیپە باشوورییە دادەبڕێت و جیادەبێتەوە، ئەوا ئەم بەڵگە تازەیە پێشنیاری بنەچەیەکی نوێ لە پەرەسەندنی ئینسان، دەخاتە بەردەست. ئەمەش پێچاوپێچ و دۆنادۆنییەکی زۆر فراوانتری پەرەسەندنی ئینسان پێش دەرکەوتنی جۆری هۆمۆ (Homo) دەردەخات. کەللەسەرە تازە دۆزراوەکە کونی گوێیەکانی وەک ئەوانەی شەمپازی بچووکن، ئەگەرچی لە هەندێ تایبەتمەندیی ئینسانی سەرەتایی (وەک بچووکیی قەبارەی مێشک)دا هاوبەشە، بەڵام هەندێک جیاوازیی تری سەرنجڕاکێشی هەیە درێژیی ئێسکی ڕوومەت، بچووکی ددانەکانی، بنکێکی تەخت و سافی ئێسکی لووتی، لەخۆدەگرێت. هەموو ئەمانەش دەرکەوتە و ڕووخسارێکی فلات و تەخت بە دەموچاوی دەبەخشن. دەموچاوێکی تەختتر -کە وەک تایبەتمەندییەکی ئینسان دانراوە- لە ئەساسدا لە شێوازی خۆراک خواردنی جۆرە تازەکەوە دەرکەوتووە. دکتۆر دانیاڵ لێبەرمان کە ئەنترۆپۆلۆژیستێکی زانکۆی «جۆرج واشنتن»ـە، باسی لەوە کردووە کە «وەها دەردەکەوێت لەنێوان دوو ملیۆن بۆ سێ ملیۆن ساڵ و نیو بەر لە ئێستا ژمارەیەک بوونی جۆریی شێوە ئینسان هەبوون، کە زۆر بە باشی بۆ ژیانکردن لە ژینگەی جیاوازدا خۆیان سازاندووە، ئەگەرچی ئێمە تا ئێستاش دەبێت لە چەندین ڕێگاوە بە تەواوەتی ئەمە بەرزبنرخێنین و سوپاسگوزاربین».

ئەمە جێگای قبووڵە کە هاوشان بە ئۆسترالۆپیسیکۆس (Australopithecus)، جۆری «کینیانسرۆپیس»یش بە قیتی بەڕێدا ڕۆیشتوون. دەرکەوتنی ئەم ئەیپە دوو پێیانە (bipedal apes) بەرەوپێشچوونێکی وەرچەرخێنەر بووە لە پرۆسەی پەرەسەندنی مرۆڤدا. ئەو هێزەی وەها دەکات ئەم بوونەوەرە بەو ئاڕاستەیەدا مل بنێت ئەگەری ئەوە هەیە ئەو گۆڕانی کەشوهەوایە بێت کە پانزە ملیۆن ساڵ لەمەوبەر قارەی ئەفریقیای بەخێرایی گۆڕی. ئەم وەرچەرخانە جیۆگرافییە، کە بە هۆی لیکترازانی دوو لە چینەکانی زەوی، کە لە

**ماترياليستترين زانا سروشتييەكانى قوتابخانەى داروينى ئێستاش قودرەتى دارِشتنى هيچ ئايدياىەكى روونيان نيية دەربارەى ئەسڵى مرۆڤ، لەبەرئەوەى لەژێر ئەم كاريگەرييە ئايدۆلۆژييەدا دان نانێن بەو جوزئەى كە كار تێيدا رۆڵى هەبووە**

دەریای سوور لە باکوورەوە تا وڵاتی مۆزەمبیقی ئێستا لە باشوور درێژبۆتەوە، داڕووخان و دەرکەوتنی شاخەکان و دروستبوونی دۆڵی قووڵ و فراوانی (Great Rift Valley) بە خۆیەوە دیوە. ئەم وەرچەرخانە بۆتە هۆکاری بچووکبوونەوە و پارچەپارچەکردنی دارستانەکان و خوڵقاندنی گۆڕانێکی ڕیشەیی لە شوێنی ژیانکردنی کۆمەڵەی ئەپەکاندا.

(ڕیچارد لیکی) و (ڕۆجەر لیون) باسیان لەوە کردووە «خاکی بەرەی ڕۆژهەڵاتی دۆڵەکە هاوشان بە دیارنەمانی خێرا و لەناکاوی دارستانەکانی بە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی ڕێژەی باران بارین، شوێنێک نەبووە بۆ ئەپەکان».

«یەکێک لە قەناعەتپێهێنەرترین تیۆرەکان سەبارەت بە ئەسڵی قیتبوونەوە و لەسەرپێ ڕۆیشتن (bipedalism)، کە ئەم تایبەتمەندییەش بونیادنەری خێزانی مرۆڤە، ئەوەیە کە سازان و خۆگونجانێک بووە بۆ جووڵە و گەڕانێکی کاریگەرتر لەنێوان سەرچاوە خۆراکییە پەرشوبڵاوەکاندا. هەروەها چەندین تیۆری تریش هەن، بەڵام ئەمەیان زیاتر مەعقولیەتێکی بایۆلۆژییانە بونیاد دەنێت و ژینگە و زادگاکە لەناو زەمەندا دەگۆڕێت».

لە ماوەی چەند ملیۆن ساڵێکدا چەندان جۆر دەردەکەون و چەندانیش لەناودەچن. بەرەوپێشچوون و گەشەسەندنی مرۆڤ هاوشان بە مێشکێکی بچووک و قودرەتی ڕۆیشتنی لەسەر دوو پێ، بازدانێکی چۆنایەتیی وەرچەرخێنەر و گەشەسەندوو، نیشاندەدات. لەناو ڕێڕەوی ڕووبارێکی بەبەردبوودا لە ناوچەی لایتۆلی باشووری وڵاتی تەنزانیا، کۆمەڵێک شوێنپێی مرۆڤ هەیە کە دەگەڕێنەوە بۆ (5.3 بۆ 7.3 ملیۆن ساڵ) لەمەوبەر.

لە نووسینەکەی لیکی و هایدا هاتووە کە «هۆمینید پلایۆسین (هۆمینید: خێزانێکی مرۆڤ بوون کە هۆمۆساپینس و شێوە مرۆڤی تر لەخۆدەگرێت. پلایۆسین: بەو زەمەنە جیۆلۆجییە دەگوترێت کە 2 بۆ 13 ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا لەئارادابووە، تێیدا شیردەرەکان ژمارەیان زیادی کردووە و زەویش بە قۆناغی ساردبوونەوە و گۆڕانێکی کەشوهەوا و دەرکەوتنی شاخەکاندا تێپەڕیوە) لە لایتۆلی بە تەواوی قیتبۆتەوە و بووە بە خاوەنی دووپێ (bipedal) و هەنگاونانی ڕێک و ئازادانە، ئەمەش ڕووداوێکی گرنگ و سەرەکییە لە پرۆسەی ئیڤۆلیوشنی مرۆڤ کە بووە هۆی ئازادکردنی دەستەکان بۆ دروستکردنی تووڵ و ئامێری سەرەتایی، لە کۆتاییشدا هەنگاونان بەرەو ئەنجامدانی چالاکیی ئینسانی زیاتر و ئاڵۆزتر. لەگەڵ ئەمەشدا، بەڵگەیەک لە پارچەکانی کەللەسەرێکی کەمێک دوای ئەو زەمەنە، بەدەستهاتووە. بەڵام بەبەردبوویەکی پەیوەندیدار بە (هۆمیند)ەوە لە ناوچەی ئەفاری وڵاتی ئەسیوپیا (کە تەمەنی 2.6 بۆ 3 ملیۆن ساڵ دەبێت)، ئەوە دەردەخات کە قیتبوونەوە و لەسەر دوو پێ ڕۆیشتن (bipedalism) کەوتۆتە پێش گەورەبوونی قەبارەی مێشکەوە، واتا گەورەبوونی مێشک بە دوای قۆناغی قیتبوونەوەدا

دێت. چارەسەرکردن و یەکلایکردنەوەی ئەم پرسە، هەنگاوێکی گرنگ و پڕبایەخە لە لێکۆڵینەوەی پڕۆسەی ئیڤۆلیوشنی مرۆڤدا، کە بۆ ماوەیەکی درێژ بابەتی بۆچوونی جیاواز و مشتومڕ بوو» (لە «تیۆری کاری کولتوور»ی چارلز وۆلفسن ئیقتباس کراوە).

لە ڕاستیدا ئەوە (فرەدریک ئەنگڵس) بوو بۆ یەکەم جار لە سەرەتای ساڵی 1876، واتە پێنج ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی داروین «بنەچەی مرۆڤ»، لە وتارە ناوازەکەیدا بە ناوی «ڕۆڵی کارکردن لە گۆڕینی مرۆڤ لە قۆناغی ئەیپەوە بەرەو مرۆڤبوون»، ئەم سەرەتا و لەدایکبوونە وەرچەرخێنەرەی ئینسانی ڕوونکردۆتەوە. ئەنگڵس لە ڕێگای بەکارهێنانی میتۆدی ماتریاڵیزمی مێژووییەوە، لەتوانایدا بوو ئەم پڕۆسە وەرچەرخێنەرە ڕوونبکاتەوە، سەرەڕای بەردەستبوونی ژمارەیەکی زۆر کەم لە بەڵگە و نیشانەی بەبەردوو. لە کتێبەکەیدا «دیالەکتیکی سروشت» بەم ڕستانە دەستپێدەکات «ئابووریناسان جەخت لەوە دەکەنەوە کە کار سەرچاوەی هەموو سامان و دارایی و دەوڵەمەندییەکە، ئەوە کارە -بەتەنیشت سروشتەوە- کە ماتریاڵەکانی بۆ دابین دەکات و دەیانگۆڕێت بۆ سەروەت و سامان، بەڵام ئەمە بە شێوەیەکی ناکۆتا زۆر لەوەش زیاترە، کار مەرجێکی ئەساسیی یەکەمینە بۆ بوونی ئینسان، بە مانایەک تا ئەو ڕادەیەی بڵێین کە کار دروستکەر و خوڵقێنەری مرۆڤە».

ئەنگڵس جەخت لەوە دەکاتەوە کە دۆخ و شێوازی قیتبوونەوە لە ڕێکردن و ڕۆیشتندا «هەنگاوێکی یەکلایکەرە و گرنگی پڕۆسەی گواستنەوەی قۆناغی ئەیپ بۆ مرۆڤ» دەردەخات. ئەمەش ڕێگای بە ئازادبوونی دەستەکان دا هەتاوەکو بتوانن دەستڕەنگینی و کارامەیی زۆر مەزنتر بەدەستبخەن. لێرەوە «دەست» هەر بە تەنها ئۆرگانێکی کار نییە، بەڵکو بەرهەمی کاریشە». پاشان بەردەوام دەبێت و باس لەوە دەکات کە ئەم پڕۆسەیە ئەنجامی زۆر وەرچەرخێنەرتریش بە دوای خۆیدا دێنێت «دەست وەک ئۆرگانێکی سەربەخۆ بوونی نەبووە، بەڵکو بەشێکە لە کۆی ئۆرگانیزمێکی تەواو باڵا و ئاڵۆزتر. بەمەش هەرچییەک دەست لێی سودمەند بووبێت، سەرتاپای ئەو جەستەیەی کە دەست خزمەتی کردووە، سوودمەند بووە».

قیتبوونەوە و لەسەر دووپێ ڕۆیشتن (Bipedalism) شەیپ و شکڵی «پێ» دەگۆڕێت. هەروەها ڕێکردنی ڕێک و قیت، تەسکبوونەوە و بچووکبوونەوەی حەوزی سمت دەکاتە زەرووری، تاوەکو کۆئەندامی هەرس بە لەباری ڕابگرێت و شکڵی ڕێڕەوی منداڵبوون و زایینیش دەگۆڕێت، وەک دەرەئەنجامی ئەمەش منداڵبوون لە مرۆڤدا بەپێچەوانەی شیردەرەکانی تر، پڕۆسەیەکی سەخت و قورسە. هاوشان بە گەشەکردن و زیادبوونی قەبارەی مێشک، هەڵبژاردنی سروشتی مەیلی بەلای سەر و کەللەیەکی گەورەتردایە و گۆڕانی فیزیکیی تریش ڕوودەدەن. بۆ قەرەبووکردنەوەی کەللەسەرە گەورەترەکە، مرۆڤەکان بەراورد بە ئەیپەکان لە قۆناغێکی زووتری گەشەکردندا لەدایکدەبن.

ئەگەرچی ئەمە بە مانای زەمەنێکی زیاتری پەیوەستی و پاشکۆیەتی و پەیوەندیەکی ماوە درێژتری «دایک-منداڵ» دێت، کە کاریگەرییەکی دراماتیکی و مەزنی لەسەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی داناوە، بەمەش مرۆڤەکان لە سەرووی هەموو شتێکی ترەوە، بوون بە ئاژەڵی کۆمەڵایەتی.

بەکارهێنان و بەرهەمهێنانی ئامێرەکان، بازدانێکی وەرچەرخێنەری بەرەوپێشتر بۆ ئینسان بونیاد دەنێت. تۆمارە بەبەردووەکە خزمەت بە دووپاتکردنەوەی ئەو بۆچوونە دەکات کە بەکارهێنانی ئامێر و تووڵەکان هەم هۆکار و هەم دەرەئەنجامی بزاوت و گۆڕانی قیتبوونەوە و بەپێ ڕۆیشتنە، ئەمە لەلایەن داروینیشەوە جەختی لێکراوەتەوە. بۆ ئەو هۆمیندانەی بەرەو مرۆڤبوون گۆڕاون و گەشەیان کردووە، شێواز و ڕێگای ژیانیان پشتی بە کارامەیی و لێزانیی دروستکردن و بەکارهێنانی ئامێرەکان بەستووە. بەلای (ئێس. ئێل. واشبێرن)ـەوە «سەرکەوتن لەو شێوازی ژیانەی لەسەر بەکارهێنانی ئامێرەکان بونیادنراوە، پرێشەی هەڵبژاردنی سروشتی لەسەر زۆربەی بەشەکانی جەستە دەگۆڕێت، بەتایبەتیش ددان و دەستەکان و مێشک و حەوزی سمت. بەڵام دەبێت ئەوەش بیربخرێتەوە کە هەڵبژاردنی سروشتی بۆ سەرتاپای شێوازی ژیان بووە».

## گەشەسەندن و پەرەسەندنی مێشك

ئەنگڵس کۆی وێنەکە دەخاتەوە سەر یەک و دەیهێنێتە بەر باس «ئەساس و بنچینە کارکردنە و لە پلەی یەکەمیندا دێت، پاشان بە دوایدا و هاوڕێک لەگەڵیدا، قودرەتی قسەکردن دێت. ئەم دووانە مۆتیڤ و هۆکاری بنچینەیین لەژێر کاریگەریی ئەو گۆڕانە هێواشەی مێشک لە قۆناغی ئەیپەوە بەرەو مرۆڤبوون، کە بەراورد بەوەی یەکەمیان زۆر گەورەتر و پێرفێکترە. هاوشان بە گەشەسەندنی مێشک، ئەپارەتووس و یەکە گرنگ و زەروورییەکانی مێشکیش گەشەدەکەن؛ ئۆرگانی هەستەوەرەکان. ڕێک وەک گەشەکردنی پلەبەپلەی توانای قسەکردن بە شێوەیەکی حەتمیانە پوختەبوون و پاڵاوتەبوونی هەستەکان بە دوای خۆیدا دێنێت. ئەم دیدگایە لەلایەن (وڵفسن) ـەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە «مرۆڤەکان لە ڕێگای قسەکردن و دروستکردنی ئامێرەوە دەتوانن ڕێڕەوی تایبەت بە خۆیان تا فراوانترین مەودای زانیارگی کۆمەڵایەتغیانە دەربارەی کێشە و گرفتە گرنگ و ژیانییەکانیان، بونیاد بنێن. لەبەرئەمە دەتوانین بڵێین، دروستکردنی ئامێر و قسەکردن، دوانەی بنچینەیی و سەرەکیین بۆ کۆی ڕەهەندی گەشەپێدان و پێشکەوتنی کولتووری مرۆڤ». وڵفسن بەردەوام دەبێت و دەڵێت «ئەگەر ئەمڕۆ ئەنگڵس زیندوو بوایە، بێشک بەوپەڕی موشتاقی و پەرۆشییەوە بەپیر دواین داتا و زانیارییە زانستییەکانەوە دەچوو. تەواوی پوختە و ئەنجامەکانی تیۆرەکەی ئەنگڵس تاڕادەیەکی

بەرچاو لەلایەن ڕیسێرچ و دۆزینەوەکانی ئەمڕۆوە پشتڕاستکراونەتەوە. پەیوەندیدار بەمەوە وتارەکەی ئەنگڵس بەشدارییەکی زانستیانەی ناوازەیە لەوەی ئەمڕۆ بە لایەنی کەمەوە لەلایەن هەندێک نووسەرەوە وەها دانراوە کە سەرمەشق و نموونەی قۆناغی بەرایی ئیڤۆلیوشنی مرۆڤە».

دیدگای ماتریاڵیستییانەی ئەنگڵس تەحەدای دیدگای ئەرتەدۆکسیانەی سەردەم (دیدگای زاڵی ئایدیاڵیستییانە، کە گەشەسەندنی مێشکی وەک سەرچاوە و کلیلی گەشەسەندنی مرۆڤ بینیوە) دەکات. ئەم دیدگا هەڵەیە بە هۆی مرۆڤەکەی «بلیتداون»ـەوە ڕوویدا، واتە مرۆڤێکی سەرەتایی گریمانەکراو کە لەدوایدا دەرکەوت جگە لە فریودان و فێڵێک هیچی تر نەبوو)، بە هۆی ئەم فریودانەوە کە لە کەللەسەرێکی پێشینانی مێشک گەورەی هاوشان بە شەویلگەیەکی شێوە ئەیپدا خۆی بەرجەستەکرد، بۆ ناو سەدەی بیستیش گوازرایەوە. کریستۆڤەر ویڵس لە کتێبی (The Runaway Brain, p. 72) باس لەوە دەکات کە «فریودان و نوکتەکە بۆ ماوەیەکی درێژ قبووڵکرا، ئەویش ڕێک لەبەرئەوەی دامەزراوەی زانستیی ئینگلیزی خوازیاری دۆزینەوەی بوون».

زۆینەی ئەنترۆپۆلۆژیستەکانی ئەوکات پێیان وابوو گواستنەوەیەکی هێواشی هارمۆنییانە لە ئەیپەوە بۆ مرۆڤ هۆکارەکەی زیادبوونی زیرەکی و دانایی بووە. کارڵ ئیرنست ڤۆن بایەر پسپۆڕی کۆرپەلەناسی ئاماژەی بەوە داوە کە «قیتبوونەوە و ڕاستبوونەوە تەنها بەرەئەنجامی گەشەسەندنی مێشکە بۆ قۆناغێکی باڵاتر». بەڵام هەرزوو بەڵگە بەبەردووەکە (ونبوونی لینکێک) دەخاتەڕوو. کۆکردنەوەی بەڵگە بەبەردووەکان تێزەکەی ئەنگڵسیان پشتڕاست کردەوە. ئەگەرچی ئۆسترالۆپیسینێس بە قیتی ڕۆیشتووە، بەڵام مێشکی بچووک بووە. بەمەش ژمارەیەکی زۆری زانایانی بواری شیکردنەوەی بەبەردبووەکان لەناو نکۆڵیکەر و بەرهەڵستکارانی ئەم تێزە، بەرەو قبووڵکردنی ئەم دیدگا ماتریاڵیستییە هاتن.

چارلس ۆلفسن دەنووسێت «لەگەڵ ئەمەشدا ئەم مشتومڕە ڕێک تا کاتی یەکەم دەرکەوتن و دۆزینەوەی هۆمۆ ساپیانس بەردەوام بوو. بەڵگەکە ئەوە دەخاتە بەردەست کە دروستکردنی ئامێری بەردیی بووە بە بەشێکی ڕۆتینی و ئاسایی لە شێوازی گەشەکردنی ژیانی مرۆڤ و دەکەوێتە پێش فراوانبوونە ئەساسییەکەی کەللەی سەر و هەر گەشەکردنێکی تری ئەناتۆمیانە، کە نیشانە و ئاماژە بن بۆ دەرکەوتنی مرۆڤ». دامەزراوەی زانستی ئینگلیزی، بەتایبەتی لەلایەن پراگماتیستەکانەوە کۆنترۆڵکرابوو، لەجیاتیی ئەوەی ئیڤۆلیوشن وەک پرۆسەیەک بناسێنن کە بە بەردەوامی لەناو موحیتێکی بازدان و دەرچووندایە، زیاتر خۆیان بە پلەبەپلەگەرایی عامیانەوە (vulgar gradualism) سەرگەرم دەکەن. ئەنگڵس هەوڵیدا تەحەدای ئەم زانست و فەلسەفە ئەرتەدۆکسییە بکات کە شتەکانی ژێرەوژوور کردبوو. ئەمڕۆ پەیلیەنتۆلۆجیستەکان (palaeontologists: ئەو جیۆلۆجیستانەن کە لە ڕێگای لێکۆڵینەوە

لـە بەبەردووەکانـەوە سـەردەمە جیۆلۆجییـەکان کەشـفدەکەن)، لـە نموونـەی سـتیڤن جـەی گۆڵـد و نایڵـس ئێلدریـج دیدگایەکـی دیالەکتیکیانـەی نوێـی ئیڤۆلیوشـنیان قبووڵکـردووە کـە بـە (punctuated equilibrium) نـاسراوە، ئـەم دیدگایـە بیردۆزێکـی ئیڤۆلیوشـنە لـە ڕێـگای تۆمـارە بەبەردووەکانـەوە ئـەوە دەردەخـات کـە گۆڕانـی پەرەسـەندنگەرایانە بـە شـێوەی وەسـتان و دەسـتپێکردنەوە ڕوویـداوە نـەک گۆڕانێکـی تەدریجـی و هێـواش. گۆڵـد بەشداری و کۆمەکـی ئەنگڵـس ئامـاژە پێـدەدا و وتارەکـەی دەربـارەی ئەسـڵی مـرۆڤ وەک «کەشـفێکی نـاوازە» وەسـف دەکات. ئەگەرچـی گۆڵـد بـاس لـەوە دەکات کـە ئـەم دیدگایـەی ئەنگڵـس کاریگەریـی دیـار و بەرچـاوی نەبـووە بەسـەر زانسـتی خۆرئاواییـەوە. ئەنگڵـس بـاس لـەوە دەکات کـە «هەمـوو بەهـا و شایسـتەبوونەکانی پێشـکەوتنی خێـرای شارسـتانییەت، وابەسـتەی عەقـڵ و گەشەسـەندن و چالاکیـی مێشـک کـراون، مرۆڤـەکان ئالـوودەی دەربڕینـی ئـەو بـاوەڕە بـوون کـە لـە جیاتیـی ئـەوەی چالاکـی و کردەکانیـان لـە زەرووریـەت و پێویسـتییەوە بێـت، لـە فکـرەوە دێـت. لەبەرئـەوە بـە تێپەڕبوونـی کات ئـەم تێڕوانیـن و دیـدگا ئایدیالیسـتییە دەردەکەوێـت و دەسـت بەسـەر عەقـڵ و هۆشـی مرۆڤەکانـدا دەگرێـت و هێشـتاش تـا ئـەو ڕادەیـە تەحەکومیـان بـە سـەردا دەکات کـە ماتڕیالیسـترین زانـا سروشـتییەکانی قوتابخانـەی داروینـی ئێسـتاش قودرەتـی دارشـتنی هیـچ ئایدیایەکی ڕوونیـان نییـە دەربـارەی ئەسـڵی مـرۆڤ، لەبەرئـەوەی لەژێـر ئـەم کاریگەرییـە ئایدۆلۆژییـەدا دان نانێـن بـەو جوزئـەی کـە کار تێیـدا ڕۆڵـی هەبـووە».

دوایـین دۆزینـەوەکان لـەم بـوارەی ئەسـڵ و ڕیشـەی مـرۆڤ، گەواهیـدەر و شـایەتە لەسـەر فکـر و بەشـداریکردن و هاوکارییەکـەی ئەنگڵـس، نـەک دۆزینـەوەی (Kenanthropus platyops). ئەمـە جەختکردنەوەیـە لـە میتـۆدی ماتریاڵیزمـی دیالەکتیکی وەک تاکـە دیـدگای زانسـتیی جێگیـری جیهـان.

# ئەزموونی عەلمانییەت لە هندستان

تی ئێن مەدان، کۆمەڵناسێکی هندییە، چەندین ساڵ بەر لەوەی حزبی (بی جی پی) دەسەڵات بگرێتە دەست بە ڕاشکاوی ڕایگەیاندوە: «لە ئێستاوە دەڵێم لە هەلومەرجی هەنوکەیماندا عەلمانییەت وەك بروایەکی هاوبەش لە ئاسیای باشوور دەستەبەر نابێت، ئەویش وەك هەنگاوی کردارییانەی حکومەت، بۆیە لە چوارچێوەی بەرنامەیەك بۆ داهاتوو سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت». لە ڕاستییدا تێگەیشتنی مەدان بەهۆی ڕەخنەکانییەتی لە مۆدێرنە. ئەوەشی وتووە: «عەلمانییەت خەونی کەمینەیەکە، کە دەیەوێت زۆرینە بەپێی وێناکانی خۆی لە قاڵب بدات و ویستی خۆی بەسەر مێژوودا بسەپێنێت، بەڵام لە کۆمەڵگایەکی ڕێکخراوی دیموکراتیکدا ئەو توانایيەی نییە. ئاشیس ناندی، بیرمەندی ناودار و ڕەخنەگری مۆدێرنەش هۆکاری سەرنەکەوتنی عەلمانییەتی هندستان لە نامۆبوونی لەگەڵ کۆمەڵگا و کولتووری ئەو وڵاتەدا دەبینێتەوە. ڕووبەڕووبوونەوەی توند و ڕەخنەگرانەی ناندی لە بەرامبەر عەلمانییەتی جیهانگیر، کە دەتوانین شرۆڤەکەی لە مانیفستۆی دژە عەلمانییەکەیدا ببینین، کە لە ڕاستییدا پێشەکییەکە بۆ ڕەخنە لە مۆدێرنە لە پێناو ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە ڕوانگەیەکی ڕۆژئاواییدا.




**لە بڵاوکراوەکانی**
**دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە**
**لە بواری ڕەخنەی ئایینی و ئیسلامی سیاسیدا**


ئایین و سیاسەت